ئوردن سەرخەشی لە کەسوکاری قوربانییانی رووداوەکەی سەران دەکات

وەزارەتی دەرەوەی ئوردن سەرخەشی لە کەسوکاری قوربانییانی رووداوەکەی سەران دەکات. کونسولەکەشی لە هەولێر، ئامادەیی وەاتەکەی بە هاوکاریکردن و چارەسەرکردنی بریندارانی رووداوەکە دەردەبڕێت.

ئەمە شەممە، 09-12-2023، وەزارەتی دەرەوەی ئوردن لە راگەیەندراوەکدا "دەگرانی، پرسە و هاوخەمی خۆی" بە قوربانییانی ئاگری یەکەک لە باڵەخانە نیشتەجێبووەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سەران دەربڕی کە بەهۆیەوە 14 کەس گیانیان لەدەستدا.

لە بەشێکی راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە، ئوردن "سەرخەشی لە کەسوکاری قوربانییان دەکات و هیوا چاکبوونەوەی خێراش بە بریندارانـی رووداوەکە دەخوازێت.

هاوکات وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوەکدا ئەوەی خستووەتەوە،

فوئاد خازر مەجالی، کونسوڵی گشتی شانشینی هاشمی ئوردن لە هەرەمی کوردستان پەیوەندی بە د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی کردووە و "ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بە هەر پەداویستییەک بە مەبەستی چارەسەری بریندارانی رووداوی ئاگرکوژێنەوەی باڵەخانەکەی ئیدارەی سەران."